پەرلەمانی عەرەبی: پشتگیریی تەواوی هەوڵەکان دەکەین بۆ پاراستنی سەروەری و یەکپارچەیی خاکی عێراق



ئەمڕۆ چوارشەممە "محەمەد ئەحمەد یەماحی"سەرۆکی پەرلەمانی عەرەبی، جەختی لەوە کردەوە کە پەرلەمانی عەرەبی پشتگیریی تەواوی ئەو هەوڵانە دەکات کە ئامانجیان پاراستنی سەروەری و یەکپارچەیی خاکی عێراق و بەهێزکردنی ئاسایش و سەقامگیریی لە ناوچەکەدا.

"یەماحی" لە نامەیەکدا بۆ "هەیبەت حەلبووسی"سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕایگەیاند: پەرلەمانی عەرەبی تەئکید لە هاوپشتی و وەستانەوەی تەواوی لەگەڵ عێراق دەکاتەوە لە هووبڕووبوونەوەی ئەو دەستدرێژییە ئاشکرایانەی کە هووبڕووی دەبێتەوە، و جەخت دەکاتەوە کە ئەم کردەوانە پێشێلکارییەکی گەورەی سەروەری نیشتمانی و هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆن بۆ سەر ئاسایش، و سەقامگیری و سەلامەتی هاووڵاتیانی عێراق.

دەشێت : پەرلەمانی عەرەبی بۆ تووندترین شێوە ئەو دەستدرێژییانە شەرمەزار دەکات و بۆ هەوڵێک بۆ تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە دایان دەنێت، هەروەها بۆ پێشێلکارییەکی ئاشکرای بنەماکانی نێودەوڵەتی یەکگرتووەکان و یاسای نێودەوڵەتی دەزانێت کە جەخت لەسەر ڕاگرتن لە سەروەری وڵاتان و دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیان دەکاتەوە.

سەرۆکی پەرلەمانی عەرەبی ئاماژەی بۆشکردوە : ئەم دەستدرێژییانە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆن بۆ سەر

ئاسایش و سەقامگیری هەرەمی، و دووپاتیشیکردنەوە کە پەرلەمانی عەرەبی پشتیوانی لە هەموو ئەو هەوڵانە دەکات کە ئامانجیان پاراستنی سەروەری و یەکپارچەیی خاکی عێراق و بەهێزکردنی ئاسایش و سەقامگیرییە لە ناوچەکەدا.